دەوترێت، مەزڵوم عەبدی ئامادەیە پابەند بێت بەهێڵکۆپتەرەکە! بەڵام هەوبەوی هێوتەکی تونديەوە لەناو هەسەدەدا، کە پێیوەندی هەرەمی و نەودەوڵەتیان هەیە، هێنگە ئاستەنگی لەبەردەم جێبەجێکردنیدا دروست بکات، بەتایبەتی سەبارەت بەو لیستانەی بیارە پێشکێشی ئەحمەد شەرع بکرێن، لەوانەیە ئەو ناوانە لەخۆ بگرن، کە لەئاستی ناوچەییدا هێت دەکرێنەوە، بەتایبەتی لەلایەن تورکیا و سعودیەوە، ئەمەش دەرگا بەووی فشارە مەیدانیەکاندا دەکاتەوە کە ئاگربەستەکە نەتوانێ بەردەوام بێت.
هەرەوەها کۆبانی وەک بەربەستەکی هەرە بەرچاو لەم پرسەیەدا دەمێنێتەوە، وەزارەتی بەرگری سوریا وەک کانتۆنەکی جیا لەو کارتە سنووریەی حەسەکە لێژر دەستی هەسەدە دایە دەوانێت، پێیوایە کە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەستا زۆر گرنگە، هەروەها دیمەشق چارەنووسی کۆبانی بە چارەنووسی قامیشلیەوە دەبەستێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی سیمبۆلیزمی سیاسی و نێتەویی ئەوان، کە هەر چارەسەرێک، چ ئاشتیانە بێت یان سەربازی، دەگاتە چارەسەرکی هاوبەش.
لەبەرامبەردا دیمەشق و ئەنقەرە گومانیان هەیە لە نیازکانی هەسەدە، پێیانوایە هەوڵی کێنی کات دەدات بە سود وەرگرتن لەئاگربەست، هاوکات هەماهەنگی میدیایی خۆی بە کەکردنەوەی دانیشتوانی کورد لەسەر ئاستی ناوچەیی پەرپەدەدەن بە ناسینی سوپای سوریا بە هەوڵی بە ئەنجامدانی پاکتاوی نێتەویی، هەرچەندە پەدچێت هێکۆتەکە بە ئەستا بەردەوام بێت، بەڵام ناتوانرێت پشلکاریەکان هێت بکرێتەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە چونە ژوورەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە.

بەجیا لە هەر دوورێک کە ململانێ و نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا بنەمای کاریگەری دەبینێت لەسەر ناوچەکە، پەدەچێت لە کورتخایەندا، دانوستانەکانی نێوان دیمەشق و هەسەدە بە درێژکردنەوەی ئاگربەست بە ماوەیەک بەردەوام بێت، هەنگاوی ئەمنی بە جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی گیراوەتەبەر، بەڵام یەکگرتنی هەمەلایەنە، ناڕۆشن و ئاگیراو دەمێنێتەوە، چونکە ئەوە نەزانراو نیە کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە، دەخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەواو جیاوازە لەبەرامبەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی سوریادا، سادەترینیان، واقیعەتی هێزە سەربازیەکانی سوریا ئیمکانی نیە قەبووڵی کەن، بەنمونە بوونی ژنان لە پۆستەکانی هێزی سەربازیدا، جگە لە زۆرلایەنی تر لە جیاوازی سکولاری و ئازادی و شارستانیەت و مافەکانی ژنان، کە ناکۆکە لەگەڵ بەرامبەر دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسیدا. ئەو دەخەی بە شەرع هەزم ناکرێ، واقیعەتێکی پێکهاتەی دەسەڵاتەکەیەتی، کە هەکار و زەمینەیەکی واقیعی، ئەو رێکەوتن و ئاگربەستە تووشی شکست دەهێنێتەوە، دووبارە کێشە و هەڕشەکانی بە سەر رۆژئاوا وهەا دەست پێدەکاتەوە، ئایندەی سیاسی ناوچە کوردنیشینەکان و سوریا روبەرووی بارگرژی و کارەساتی زیاتر دەکاتەوە.

لە پیرمام.. یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆی سەرشەقام بەرەو چوون.. کامەران حاجی ئیلیاس

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی هونەری شانۆ لە پیرمام بدەینەوە چەندین کاری ناوازە لەم شارۆچکەش کراون بەهۆی بوونی کەمێکی هونەر و وێژەی کوردی لقی پیرمام بە تایبەتی لە هەشتاییەکانی سەدەی رابردوو بە نموونە چەندین شانۆگەری پێشکەش کراوە وەکو شانۆگەری (فەیلەسووفی ئاخر زەمان) لە نووسینی و دەرهێنانی یوسف برادەستی، شانۆگەری (هاورێکی تاساو) نووسینی جەلیل زەنگەنە دەرهێنانی یوسف برادەستی، شانۆگەری (شاری ئۆیەن) نووسینی تەعەت سامان و دەرهێنانی یوسف برادەستی،شانۆگەری (مەلەف) نووسینی تاهیری

دەرهێنانی یوسف برادەستی... لەگەڵ چەندین ئەکتەر و دەرهێنەری بە توانا لەم شارەدا بوونیان هەبووە ئەستاش بەردەوامن..
شانۆی شەقام ئەو شانۆگەریانە لە خەڵگرێت کە لە دەرەوەی هۆڵەکان نمایش دەکرێن واتە لە شوێنە گشتییەکان وەکو بازار و پارك و نەخۆشخانەکان لە وێستگەکانی میترۆ و شەمەندەفەر نمایش دەکرێن ئەم شێوازە چەندین مەرجی تایبەت بەخۆی هەیە بەنموونە بینەران بانگشت ناکرێت بە بینینی نمایش بەڵکو جەماوەر خۆیان ئامادە دەبن بە بینینی نمایشکان زۆر جاریش دەقی ئامادەکراو نییە واتە مەرج نییە تەکستەك ئامادە کرابێت و چەند ڕۆژێك پرۆڤەی لەسەر کرابێت بەڵکو بەشێوەی ڕاگوزەر (ئیرتجال) نمایش دەکرێن لە هەمان کاتدا بابەتەکان بابەتی هەنووکەیین.بە شێوەیەکی گشتی ئەکتەر دەبێتە کەڵگەی سەرەکی شانۆگەرییەکان.. نمایشکانیش کورت دەبن سەما و موزیك و جل وبەرگی ڕەنگاو ڕەنگی سەیرو سەمەرەو سەرنج ڕاکێش لەم جۆرە نمایشانە گرنگی زیاتری پێدرێت خاڵەکی تر بەشداربوونی ئامادەبووان لە نمایشکانە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا ئاوێتەی یەکتری دەبن لەڕەدا توانستی ئەکتەر دەردەکەوێت بەوەی تاچەند دەتوانێت ئامادەباشی هەبێت بۆئەوەی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا بکات چ لە ڕووی دیالۆگ بێت یاخود هەرکردارێك کاتێ بینەر بۆرامبەرئەکتەر کارو کاردانەوەی دەبێت.
لە کوردستان بەشێوەیەك لە شێوەکان شانۆی شەقام لە کۆنەوە هەبووە بەڵام لە ژێر ناوی شانۆی شەقام نەبووە بە نموونە یاری(بووکە بەبارانە) بەڵام شانۆی شەقام زیاتر لە دوای ڕاپەڕینی بەرهای 1991 سەری هەڵدا واتەچەندین شانۆگەری بە ناوی شانۆی شەقام نمایش کران هەرچەندە تائێستا لە زۆرێك لەسەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە هونەرمەند(ئەسوەد فائق) یەکێك لەوەی کە ئەو یەکەم کەس بووە شانۆی شەقامی لە شاری کەرکووك نمایش کردووە لە دوای ڕاپەڕنیش لە ساڵی 1991 هونەرمەند رزگار ئەمین لە شاری هەڵەبجە کاری لە شانۆی شەقام کردووە لە ساڵی 1995 هونەرمەند نیهاد جامی کاری لە شانۆی شەقام کردووە لە ئێستادا لە کوردستان گرنگی زۆر بە شانۆی شەقام دەدرێت لە چەندین شاری فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی ساڵانە تایبەت بە شانۆی شەقام سازدەکرێن وەکو فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی کەرکووك ،فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی سنە، فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی مەریوان فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقامی دەربەندیخان فیستیڤاڵی شانۆی شەقامی سەران – رواندز...
لە 16ی 2ی2026 لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پیرمام –چالاکی قوتابخانەکان بۆئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر کە هەموو چین و تۆژەکانی ناوچەکەی لە خۆ دەگرت لەپیرمام یەکەمین فیستڤاڵی شانۆی

سەر شەقام بەرەوچوو.لە فیستیڤالەکەدا 11 قوتابخانە بەشداری فیستیڤالەکەیان کردبوو کە بریتی بوون لە:

- قوتابخانەی ئامادەیی دوینی کچان بە شانۆیی(پەنجەرەك رووە تاریکی) ئامادەکردنی سایە حسەن سالح .بەرەوبەر سیابە سەرباز رەشید ئەکتەرەکان (بەریڤان دەدار موتەلیب، هەیفا تیلی فەتاح،هەژان رەوند رەشید،راز سەمیر کەرخی، نیڤیبن سیامەند تەها، ڤیان مخسوود رەسول).
- قوتابخانەی هەدی بنڕەتی تەکنیکاو بە شانۆیی(هەز لە یەکگرتن دایە) ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنی ساکار عومەر فەتاح بەرەوبەر ئەکرەم ئەحمەد حەمد ئەکتەرەکان (ڤوومانگ سەعدی عەبدولعەزیز، ڤووماس سەعدی عەبدولعەزیز، محەمەد سلەمان حاجی ئیبراهیم،رەنا سلەمان حاجی ئیبراهیم ،سینامحموود گەنج خلیل،قارین عوسمان کاکە زیاد، سەعد ئەرسەلان حەیدەر،موبین محەمەد سەعید،سیما مەحمەد کاکە جەنگ،ڤەمان فەرمان سەلمان،مەسرور کاهین عەبدولرەحیم).
- قوتابخانەی یارانی بنەڕەتی کچان بە شانۆیی(ئەمە بووین بەرگ) ئامادەکردنی سایەحسەن سالح سەرپەرشتی سەیران تەحسین حسەن بەرەوبەر سازان فواد ئەحمەد ئەکتەرەکان(ڤیا بارزان هاشم، شەرمین شەرکە شەهاب، شادین رەباز محەمەد، زینە ئارام عوسمان، ژیما دەشاد عودی، مهتاب خورشید محەمەد ئەمین،ڤانیا مەهدی حسەن، ڤەها شاخەوان عەوەز، هەنیا هەرش رەشید).
- قوتابخانەی هەواری بنڕەتی تەکنیکاو بە شانۆیی(کوردستان یەك پارچەیە نابەت بە چوار) ئامادەکردنی شوکریە جوهەر سەرپەرشتی ئازاد کازم حەسن بەرەوبەر شوکریە جوهەر قادر ئەکتەرەکان(دەچین سەرباز حسەن،حسەن سەرباز حسەن، ئەسیل ئەیاس عوسمان،میلینا رائب خورشید،بینا نزار سالح ،یارا نزار سالح ،هەژین دلاوەر بابەکر).
- قوتابخانەی کەمەنگای پەروەردەی ئاگای ناحکومی بە شانۆیی (یەك بڕیار و یەك پەیام) ئامادەکردنی دەرهێنانی ئەیوب کەمال سەرپەرشتی زیاد محەمەد بەرەوبەر ڤیان بەرکات .ئەکتەرەکان (کارین ئەبدال حوسەن، تەلار زەکەریا حامید،محەمەد وەلب خۆشەوی،میر نەورەز دلێر،تانیا زەکەریا حامید، داڤین مەهدی چیچێ،دەنیز غەریب سەدیق،مەهسا ستار تەها،کیان عەبدوڵا، سەفا زاتی تەقیەدی،شادی دلێر مەجید، تاهر ئەهیام تاهر،هەڤراس کەڤان عەباس ،ڤەهەل فیلەر ئەحمەد،

ئیلینا سەعدی زەرە، رامیار جەدیع باقی، پەریسا سەیدوان عەبدوڵا).
-قوتابخانەی کەرکی بنەڕەتی تەکمیلاو بە شانۆیی(ئەمە نەتەوەی کوردین) ئامادەکردنی پەرەز نەوزاد ئەحمەد .سەرپەرشتیار پەنا نەحمەدین شاکر.بەرەوبەر ڕەدوان جەمال فەتحوڵا.ئەکتەرەکان (ئیلیاس ئیسماعیل عەبدوڵا،لارا بارزان غازی، سەما حاتم ماهر، سیدرا سەنگەر عوبەد، نقار نائف محمەد، سەهەند محەمەد ئومەد، لانە فەرهاد خدر، یارا بەختیار محسن).
- قوتابخانەی هەڵانی بنەڕەتی تەکمیلاو بە شانۆیی (سەزیك بە نیشتیمان) ئامادەکردنی بنار سەعید وە ئاژین کاکل. سەرپەرشتی ناسکە عومەر، بەرەوبەر نەسرین یزدین سلەمان.ئەکتەرەکان (نالین هەندەن، نازە سابیر، بیتا هەژار، لینا نزار، سەناریا شکور،تاڤگە بەرژ، ئانیا شەروان،شەهڤین ڕەجەب، دڵڤین حسەن،نەورەز سیامەند،جەننت بژار،ئەما سامان ن شاجوان شکور،سینا حسەن،سیدرا عوزەر،لانیا تەحسین،شیفا سەربەست).
- قوتابخانەی ئەهەندی ناحکومەی بەشانۆیی (تەکنەلۆژیا) ئامادەکردنی شێما عەبدولڕەزاق.سەرپەرشتی ئابەر ئەبوبەکر .ئەکتەرەکان (تانیا کەریم دسکە، دانا مەحیەدین حاجی عومەر، سلەمان زاهیر خالد، کارین کاروان جەودەت، عامر نەزهەت محەمەد، بنامین ئازاد).
-ئامادەیی سەربەنی کچان بە شانۆیی (ئەرە کوردستانە) ئامادەکردنی ئارەزوو عەبدولقادر ساڵح.بەرەوبەر شەخان شەفیع ئەحمەد ئەکتەران(گوڵشین مەلك،ڕانیا ئازاد،ڕۆیدا هادی ،زەکەریا حاتم،سەنا دلۆڤان، سەلوا یوسف، فەرێدون حەسن).
- قوتابخانەی شەهید شیفای بنەڕەتی کچان بە شانۆیی(ئازادی) بەشادربوو ئامادەکیدنی سایە حسەن ساڵح سەرپەرشتیار و بیرکەی چراخان غەفور ساڵح بەرەوبەر دلچین محەمەد ئەمین ئاودل.
ئەکتەرەکان (ڕۆژین نەژادرەفیق، ڕۆیدە محمەد عەبدوڵا، نەرمین نادر).
- قوتابخانەی غاندی بنەڕەتی تەکمیلاو بە شانۆیی 0باجدانی گەلەکی بە تاوان).بەشداری فیستیڤاڵەکەی کردبوو لە ئامادەکردنی کوێستان حەستن حمەد و چنار حەمید مەجید سەرپەرشتی ڕولەخا میرزا خورشید.بەرەوبەر هزرت وەسمان

ئەحمەد ئەکتەرەکان(ئیقا ساڵح، دلقان گەیلان،روهان شیمال،لاڤی بریندار، سدنا کاوە،ریڤان محەمەد،دادیار باوەری، فەرزاد فاخر، ئومێد ئیبراهیم،یارا جاسم،وارڤین برهان،بریار بەشدار،دونیا ئومێدئەحمەد سەلام،میرزا،حەیدەر،محەمەد جەلیل ،راهیی ئەردەوان،کارین هەرش،ئیحسان،حسێن یاد جاسم،دارین غازی،کوفان،ئایلا شەروان محەمەد شوان،زانیار حەسن، هیڤی نیعمەت).

لە کەتایی فیستیڤاڵ باشترینەکان لەلایەن لیژنەی دادوەری دەستنیشان کران بەڵام بەهۆی بەستی هاندان و دەست خۆشی بە بەشداری کردنی قوتابخانەکان خەڵاتی بەشدار بوو بەسەر سەرجەم بەشداربوون دابەش کرا.

بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ- نعیمە زبەر محەمەد

لەژنەی هەڵسەنگاندنی شانۆیەکان بریتی بوون لە هونەرمەندان (کامەران حاجی ئەلیاس، دارا مەحمود عەبدولعەزیز،رازکەمال حسێن).

لیژنەی سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵ (بەڕێوەبەرایەتی فەرهەنگ و هونەر، دەگەش عومەر تەها،مەریوان مەغدیدعەوەا،خۆشەوی حسن حەکیم،جوتیار ڕەفعەت عەبد،سایە حسێن سالك نەبەر عەبدوڵا).

لیژنەی هونەری فیستیڤاڵ (جوتیار ڕەفعەت عەبد،سایە حسێن ساڵح، محەمەد کەمال سەعدی).

لیژنەی پشکنینی شانۆیی(لیلە عەبدولڕەحمان محەمەد،نجلا ئەسعد میرزا، غەریبە غایب یزیدین،جریدە شینە سلێمان، سەیران بایزدین، جەمیل محەمەد عەلی،کەریم نوعمان).

ئەگەر ماوەی فیستیڤاڵەکە ماوەی یەك ڕۆژ بووە کە (11) شانۆگەری نمایش نمایشکان لەهەموو ئاستێکی تیا بوو نمایش هەبوو لە ڕووی بیرکەوە زەر باش هەبوولە ڕووی دەرهێنان زەر باش بوو ئاوەی زەر گرنگ بوو بەهەرەی زەر بە توانا لە ئەکتەرەکان بەدی دەکرا هەرچەند بەشی زەریان یەکەم جاریان بوو نواندن بکەن هەندە لە نمایشکان لەڕووی تەکنیك زەر باش بوو .

پیشناری دەکەم ئەگەر هاتووئەم فیستڤاڵە بەردەوام بوو واتە فیستڤاڵەك بکرێتە نەریتێکی ساڵانە دەبَ خوولەك بە مامەستای پسپەری هونەری بکرێتەوە بە زیاتر ئاشنا بن بە شانۆی شێقام چونکە زەرەك لەوشانۆگەریانەی لە فیستیڤاڵەکە نمایش کرا لە نێو هەڵی شانۆش نمایش کرابان زەر ئاسایی..

ئاوەی زەر دەخۆشی کردم بوونی سپۆنسەر بوو بە فیستیڤاڵەك مایەی دەست خۆشیلێوانە دەزگاری خەرخوازی حاجی ئیدریس

سورچی خاوەنی ستێدیۆ (JSN) هونەرمەند جوتیار ڕەفعەت و زۆر کەسی تر بانگهێشتی ناحکومییەکان هاوکاری باشی فیستیڤاڵەکە بوون.
هەر چەندە سازکردنی ئەو جۆرە فیستیڤاڵانە لایەن بەرپرسیارێتی پەروەردەی پیرمام کارێکی زۆر باشە دووبارە دەست خۆشی لە هەموولایەک دەکەم.





هەرەمی کوردستان دەبوو لە ساڵی 1992 خاوەن دەستووری خۆی بێت.. د. نووری تاڵەبانی

دەستوور بۆ هەرەمی کوردستان وەکو بەشێك لە عێراق لە ڕووی دەستووریەوە نادەکرا چونکە ئەو سیستەمە دەستووریەی کە شێوەی حوکمڕانی لە عێراق دیاریکردبوو لە پاش لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی عێراق لەسەرتاوە لەسەر بنەمای سەنترالیزم بووە. هەموو دەستوورەکانی عێراق، بە تایبەتی دەستووری ساڵی 1925 کە یەکەم دەستووری عێراق بووە وەزارەتی کۆلۆنیالی بریتانیا ئامادەی کردبوو، هەروەها ئەو دەستوورە کاتییانەی لە پاش ساڵی 1958 پەسندکرابوون لەسەر ئەو بنەمایە دابڕژابوون، بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتەکان بە دەزگاکانی ناوەند درابوون. لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 و کۆچەوە مەزنەکەی کە بووە هۆی دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام لە بەشێك لە باشووری کوردستان، ڕژێمی عێراق دەزگاکانی لەو ناوچانە کشایەوە، بۆیاری سازدانی هەڵبژاردن لەلایەن "بەڕێی کوردستانی"یەوە درا تا ئەنجوومەنێکی نیشتمانی/پەرلەمان هەڵبژێردرێ ئەرکی سەرکی دیاریکردنی حکومەتێك بێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار لەو ناوچەیە. لە 4/10/1992 پەرلەمانی هەرەمی کوردستانی هەڵبژێردرا و سیستمی فیدراڵی بە پاشڕۆژی عێراق پەسندکرا، ئەو بڕیارە ڕێگای خۆشکرد بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسیی دە فاکتۆ لەو ناوچەیە، حکومەتی هەرێم دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و دەسەڵاتی پەیوەندیکردن بۆ دەرەوەی هەرێم هەبوو، لەگەڵ داکۆکیکردن لە سنووری ئەو بەشە ڕۆژگاراوەی کوردستان، واتە هەموو دەسەڵاتکانی دەوڵەتیی. ئەو بڕیارە گرنگی پەرلەمان دەبوو بڕیارێکی دیکەی بدوابێت، کە پەسەندکردنی دەستوور بوو بۆ هەرەمی کوردستان، لەو دەستوورەدا دەسەڵاتکانی دەزگاکانی هەرێم و ماف و ئەرکەکانی هاوڵاتیان بە ڕوونی دیاری بکرێن.

کۆمەڵێك قانوونناسان لە ساڵی 1991 داوای دانانی دەستوورمان دەکرد، هەتا ئێگەر دەستوورێکی کاتیش بێت، چونکە دەستوور سەرچاوەی هەموو قانوونەکانە لەوەدا شێوەی حوکمڕانی و چۆنێتی دابەشکردنی دەسەڵاتکان و ڕێکخستنیان دیاری دەکرێت. ئەو داواکارییە پشتگیریی لەدەکرا لەلایەن خەڵکی کوردستان لەناوەوە لە دەرەوەدا.

لە ناوەڕاستی 1992 پەڕڵەمانی دەستووریکم بەزمانی عەرەبی بە هەرێمی کوردستان ئامادەکرد، سەرەتا بۆ ئۆفسێت لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین چاپکرا، پاشان لەو چاپخانەیە 500 دانەی لە چاپکرایەوە بە هاوکاری د. فازل قەفتان، مامۆستا و بەڕێوەبەری ئەو چاپخانەیە.
پەڕڵەمانی دابەشکرا بەسەر ئەندامانی پەرلەمان و هەموو لایەنە سیاسیەکان و میدیا و کەمەڵەك لە قانوونناسانی کوردستان، بە ئومێدی ئەوەی ڕاوسەرنجی خۆیان دەربڕن. بەچوونی بەشێك لە قانوونناسان پەڕڵەمانی دەوڵەمەندترکرد، پاشان خرایە بەردەست دەزگایەکی قانوونی فەرمی کە ئەندام بووم تێیدا بەناوی دەستەی قانوونی باڵا. پاش لەکۆبینەوەیەکی ورد ئەو دەستە قانوونییە پەڕڵەمانەکەی پەسندکرد بە فەرمی ناردی بە حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بە ئومێدی تەماشاکردنی لایەن پەرلەمانەوە.
لە ڕووی سیاسیەوە باری سیاسی لە عێراق و ناوچەکە لەودەمە ئاڵۆزبوو، هێزەکانی ڕژێم ئابڵوقەی سەربازی و ئابووریان لەسەر ناوچەی ژێردەسەڵاتی کورد دانابوو هەڕەشەی داگیرکردنەویان دەکرد. ئەمریکا و بریتانیا کە فڕۆکە جەنگیەکانیان لە تورکیاوە ئاگاداریان لە ئاسمانی ناوچەکە دەکرد لە ئۆگری دەستدرێژیکردنی ڕژێم، پشتگیریان لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی بە کورد نەدەکرد. وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە ناونانەوە کەدبوونەوە بە خنکاندنی ئەو کڕپە ساوایە لە باشووری کوردستان. ئەو هەیە دەرەکییانە و چەند هەیەکی ناوەکی پەیوەندییان بە ناکۆکی نێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە هەبوو بوونە هۆی دواخستنی پەسەندکردنی ئەو پەڕڵەمانە دەستوورە، بەڵام لەو ماوەدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیران لە کوردستان و دەرەوە بە بەردەوامی داوای دانانی دەستووریان دەکرد بە ئەو بەشەی کوردستان.
پاش ڕووخانی ڕژێم لە نیسانی ساڵی 2003، قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق TAL کە لە ساڵی 2004 ئەنجومەنی حوکم لە عێراق پەسندی کرد و وەکو دەستوورێکی کاتیی تەماشادەکرا، ئەو پەڕڵەمانەی کوردستان کە لە مانگی تشرینی دووەمی 2002 پەسندکرابوو وەکو (پەڕڵەمان)، دەبوو جارێکی تر تەماشا بکرێتەوە تا بەندەکانی لەگەڵ بارودۆخی تازەی عێراق بگونجێن. لە یاداشتنامەیەکدا پاش گەڕانەوەم بۆ کوردستان لە مانگی ئەیلولی 2003 پێشکەشم کردبوو بە سەرکایەتیی پەرلەمان و حکومەت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، پێشنیازم کردبوو جارێکی دی بەو پەڕڵەمانە بچینەوە. بە پشتگیری کاك نێچیروان بارزانی، کە ئەودەمە سەرۆکی حکومەت بوو لە هەولێر، لە مانگی تشرینی یەکەمی 2003 کۆبوونەوەیەك ڕێکخرا، ئەندامانی لیژنەی قانوونی لە پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری پەرلەمان ئامادەی ئەو

کەبوونەوە بوون، کە بڕیاردرا جارێکی دی پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی ئاو پێژەی پشتر ئامادەکرابوو بکرێتەوە. لەپاش چەندین کەبوونەوە لە بارەگای لیژنەی قانوونی لە پەرلەمان، سەرۆکای ئاوی سکرتێری پەرلەمان نێدەویست دەستکاریی لە پێژە کۆنەکە بکرێت، لە 22ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2003 پێژەیەکی نوێ ئامادەکرا و خرایە بەردەست سەرکایەتی پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە هیچ بڕیارێکی لەسەر نەدرا، وەکو پێژە مایەوە لە ئەرشیفی پەرلەماندا.
قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق TAL لە ماددەی 53 دا سیستمی فیدراڵی بە عێراق پەسندکردبوو و دانیشی بە هەرێمی کوردستاندا نابوو لە چوارچێوەی ئاو سنوورە ئیداریەی لە 19ی ئاداری 2003 لە ژێردەسەاتی حکومەتی هەرێم بوو. لە بەندی 54ی هەمان ئاو قانوونەدا دان بەو دامەزراوانەدا نرابوو کە پشتر هەبوون، بەڵێ پەرلەمانی هەرێم وەکو دەزگای قانووندانەر دەیتوانی دەستکاری لە قانوونەکانی هەرێم بکات تا ئاو پێژەی دەستوورێکی هەمیشەیی بە عێراق پەسندەکرا. پەرلەمانی کوردستان لەو ماوەدا چەند قانوونێکی تازەی پەسندکردبوو و دەستکاریشی لە چەند قانوونێکی تر کردبوو دەزگاکانی هەرێم جێبەجێیان دەکردن. قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق چەند مەرجێکی دانابوو کە دەبوو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕەچاویان بکات، لە بەندی 25 و پەرەگرافی (د)ی بەندی 43ی ئاو قانوونە دیاری کرابوون. ئاو دوو بەندە تایبەت بوون بە دەسەاتی حکومەتی ناوەند لە بووارێ سیاسەتی دەرەوە و داکۆکیکردن لە عێراق و دامەزراندنی هێزی چەکدار. بەپێی ئاو دوو بەندە، دەسەاتی داشتنی سیاسەتی گشتیی دارایی و دەرکردنی دراو، لێگۆڕینەکخستنی گومرك و بازرگانی دەرەوە بە حکومەتی ناوەند درابوون. دانانی بودجەی گشتی بە عێراق و کاروباری بانکی ناوەندی و ڕێکخستنی (مەقاییس و ئاوزان) لە دەسەاتی حکومەتی ناوەند بوون. هەرچەندە موڵکداریەتی سامانی سروشتی بە هەرێمەکان درابوو، بەڵام دەرهێنانیانی دابوو بە هاوکاری و سەرپەرشتیکردنی دەزگاکانی حکومەتی ناوەند بکرێن. کاروباری پەیوندیدار بە دۆکیۆمێنتەنامە/جنسیە و بگانە و پەناهەندە لە دەسەاتی حکومەتی ناوەند بوون. لە پێژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئاو هەموو دەسەاتانە بە حکومەتی ناوەند درابوون، بەڵام دەسەاتەکانی دیکە بە دەزگاکانی هەریمی کوردستان درابوون، لێگۆڕینەکخستن و شاوەی بڕیارهێنانیان. کاواتە پەسندکردنی دەستوور بە هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە دەسەاتی ئاو پەرلەمانە بوو بەپێی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دۆکیۆمێنتی عێراق. پەرلەمانی کوردستان دەیتوانی قانوون پەسند بکات هەتا ئاو ڕێژەی

دەستووری هەمیشەیی عێراق پەسند دەکرێت، بە مەرجێك ئەو قانوونانە بە پێچەوانەی بەندی 25 و پێڕگرافی (د)ی بەندی 43 نەبن.
دەستنیشانکردنی مافەکانی گەلی کوردستان لە دەستووردا بە هەڕەمەکی دابووە هەی بەهێزکردنی ئەو دەزگا کوردستانیانەی داکۆکیان لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکرد لە بەغدا، گرووپی کوردستانی لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی و ئەندامانی ئەو گرووپە دەیانتوانی جەخت لەسەر چەسپاندنی ئەو مافانەی گەلی کوردستان بکەنەوە و داوای چەسپاندنیان بکەن لە دەستووری عێراقدا وەکو داواکارییەکی گەلی کوردستان، چونکە لە دەستووری هەرەمدا چەسپێندرابوون.
بەچوونەکی تر هەبوو دەیگوت پەسەندکردنی دەستوور بە هەرەمی کوردستان دەبە دوابخرێت بە پاش پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق. هەی ئەم بەچوونە سیاسیی بوو نەك قانوونی، بە بەچوونی ئەوان باری سیاسی لە عێراق و ناوچەکە شەواو بوو، پەسندکردنی دەستوور بە هەرەم لەو بارودۆخدا بە "جوداخوازی" دەدرایە قەڵەم! بەپێی ئەو بەچوونە، دەبوو چاوەڕێی دەستووری عێراق بکرێت تا بزانین لەوێدا چی بە کورد دەدرێ و چی قبوول ناکرێت! بەمشێوەیە هەموو سەنگی کورد دەخرایە ناو یەك سەبەتەوە، کە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی بوو، ئەگەر لەوێدا کارەکان لە بەرژەوەندی کورد یەکلایی نەکرێنەوە لەو "شەڕە" دەستووریە بە دەڵاوی دەهاتینە دەرەوە. بە بەچوونی ئەمە چاکتربوو کورد لە چند بڕیارێکدا ئەو "شەڕە" دەستووریە بکات و پەرلەمانی کوردستان هەیبەت وەکو نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستان بە داواکردنی مافەکانی گەلەکەمان. ئەگەر ئەو داواکارییانە پێشتر لە دەستووری هەرەم بچەسپێندرابان، لە دەستووری عێراقدا ئاسانتربوو هەوێی چەسپاندنیان بکرێت. دەبە ئەوەش لە بیر نەکرێت کە سەنگی پەرلەمانی هەرەمی کوردستان لە خولی دووەمی قورستربوو، چونکە ئەو خولەی پەرلەمان وەکو دەزگایەکی شەرعی تەماشادەکرا لەبەرئەوەی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکی شەرعییەوە دیاری کرابوو. هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی هەرەم بەپێی قانوونەکی عێراقی ئەنجامدرابوو لەژێر چاودێری دەزگایەکی عێراقی – نەودەوڵەتی، بەڵێ حکومەتی عێراق و دەوڵەتان و دەزگا نەودەوڵەتیەکان نەیاندەتوانی گوە لە داخوازیەکانی ئەو خولەی پەرلەمان نەگرن.
دەستووری هەرەم کە داواکارییەکانی گەلی کوردستانی تێدا دیاری دەکرێن دەبووە شیرەکی تیژ بە دەست لایەنەکانی کوردستان لە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی. لە بڕگەی (ج)ی بەندی 61 ی قانوونی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق TAL دەگە بە دانیشتوانی دوو لەسەر سێی پارێزگاکانی عێراق دراوە لە کاتی دەستکاریکردنی

دەستووری عێراق، ئۆگەر سێ پارێزگا دەنگ بە ئەو دەستکاریە نەدات، ئەو پێشنیازەی بە دەستکاری کردنی دەستوور کراوە ڕەد دەکرێتەوە. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی سێ پارێزگای دەکرد دەیتوانی ئەو پڕۆژە دەستووریە بە عێراق ئامادە دەکرێت و مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا دەستنیشان ناکرایت، ڕەد بکاتەوە. گرووپی کوردستانی لەناو ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دەیتوانی ئەو چەکە بخاتە بەرچاو ئەو لایەنانەی قایل نەدەبوون کە مافەکانی گەلی کوردستان لەو دەستوورە بچێسپێن. کورد دەبوو "شتێکی" دەستووری لەسەر هەموو بڕیارەکان بکات، لە ناو پەرلەمانی عێراق و لە پەرلەمانی هەرێم، هەرەشەها بە هاوکاریی بزوتنەوەی ئیفراندەم و ڕەکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان، جگە لە پشتگیری دەستانی کورد لە دەرەوە. ئەو "شتێک" دەستووریە ڕەواتر دەبوو ئۆگەر کورد لە هەموو بڕیارەکانەوە کاری لەسەر بکردبا و سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا و هەموو مافەکانی، بە مافی دیاریکردنی چارەنووسەوە لە دەستووری هەرێم و لە دەستووری عێراق دەچەسپێنران. کورد ئۆگەر هەموو سەنگی لەسەر پرنسیپی "تەوافوق" بێت، ناگاتە ئەو ئامانجانەی ساڵەهای ساڵ خەباتی بە کردووە و خوێنکی زۆری بە ڕشتووە، پەویستە ئەو هەموو فاکتەرانە بخرێنە گەڕ تا لەو "شتێک" دەستووریە سەربکەوێن.
پێش ئەوەی شاندەك لە هەرێمی کوردستان بچێت بە بۆغدا بە بەشداریکردن لە داشتنی پڕۆژەی دەستووری عێراق، 57 پەرلەمانتار لە هەموو لایەنەکانی ناو خولی دووەمی پەرلەمان بە نووسین داوایان لە دەستەی سەرکایەتی پەرلەمان کرد ئەو پڕۆژە دەستوورەی هەرێم کە چاککرابوو بخرێتە بەردەم پەرلەمان تا تاوتوێ بکات پاشان پەسندی بکات، بەڵام ئەو داواکاریە لەگەڵ پڕۆژەکە لە ئەرشیفی پەرلەمان مایەوە، ئەوەش بە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بوو.
پاش پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پڕۆژەی دەستووری هەرێمی لە 24ی حوزەیرانی 2009 بە زۆرینە دەنگ پەسندکرد، هەنگاوی دووەم دەبوو دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان لە مانگی تەموزی ئەو ساڵە دەنگی لەسەر بدەن.
پەویستە لێرە ڕوونکی بخەمە سەر چەند خاڵێك کە پێشتر ئاماژەیان بە نەکراوە. ئەو پڕۆژە دەستوورەی لە ساڵی 2006 بە زمانی عەرەبی ئامادەکرابوو، کە پاشان لە 24ی حوزەیرانی 2009 بە زۆرینە دەنگ پەسندکرا، لە کاتی خۆیدا ئەرکی وەرگێڕانی بە سەر زمانی کوردی لەلایەن لیژنەی دەستووری لە هەرێمی کوردستان بە بەندە سپێررا. لە کاتی پشووی هاوینی ساڵی 2006 لە لەندەن دەقی ئەو پڕۆژەیەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و لەسەر (CD)، لە سەرەتای مانگی

ئەیلوولی 2006 ادەستی سەرکی لیژنەی دەستووریم کرد لە پەرلەمان. لەو ماوەی خەریکی وەرگرتنی ئەو پێژەیە بووم، بەبێ ئاگاداری نزیکەی سێ یەکی ئەندامانی ئەو لیژنەیە کەبوونەوەیکی بەناو نائاسایی لە 20ی ئابی 2006 سازکرابوو، تێیدا دەستکاری (22) ماددەی بۆگێ لەو پێژەدا کرابووون. لە ڕووی قانوونییەوە کەبوونەوەی نائاسایی تایبەتە بە پەرلەمان نەك بە لیژنەکانی، ماددەی (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان مەرجی سازدانی کەبوونەوەی نائاسایی دیاری کردووە، بەڵام ئاماژەی تێدا نەکراوە بە کەبوونەوەی نائاسایی لیژنەکان، (قیاس)یش لێنەو ئەو دوو حاڵەتەدا ناکرێت. لە یەکەم کەبوونەوەی لیژنەی دەستووری کە لە سەرەتای مانگی ئەیلوولی 2006 بەسترابوو ڕەخنەم لەو کەبوونەوە بەناو نائاساییەی لیژنەی دەستووری گرت، بەڵام گوێ لە ڕەخنەکەم نەگیرا. پێژەی دەستووری هەرێم بەو دەستکاریانەی لە 21ی ئەیلوولی 2006 ئەنجامدرابوون بەساوکرایەوە، داواکرابوو لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ڕوانگەی خەیان بە لیژنەکە بنێرن. ژمارەیەکی زۆر لە ڕەکخراوی سیاسی و مەدەنی و کەسانی پسپۆر و شارەزا تێبینی خەیان بە لیژنەکە ناردبوو بە دواڕەندکردنی پێژەکە. ئەرکی لیژنەکە ئەوبوو کەبەتەوە بە تەماشاکردنی ئەو تێبینییانە، بەڵام بە بڕیارێکی دەستەی سەرکایەتی لیژنەکە، بەشێك لەو تێبینیانەی تەماشانەکران بە پاساوی ئەوەی بە سوودن، بەشێکەی دی لە ژوورێکی نزیك لە ژووری سەرکی لیژنەکە دانرابوون، داوا لە ئەندامانی لیژنەکە کرابوو بچنە ئەو ژوورە لەوە تەماشایان بکەن!

لیژنەی دەستووری لە پەرلەمانی هەرێم کەنەبووەوە تا دەستپێکردنی پشووی هاوینی پەرلەمان لە مانگی تەموزی 2008. لە یەکی تەموزی ئەو ساڵەدا دەستی بە کەبوونەوە کرد، لە 7ی تەموزی ئەو ساڵە جارێکی دی کەبوونەوەیکی بەناو نائاسایی ئەنجامدا، تێیدا جارێکی دی دەستکاریی بنەڕەتیی لە پێژەکەدا کرابوو. بەندە بەشداریم لەو کەبوونەوە بەناو نائاساییە نەکرد لەبەرئەوەی بە ناشەرعیم دەزانی. لەو کەبوونەوەدا جارێکی دی دەستکاری لە پێژەکەدا کرابوو، بەو دەستکاریانەوە لە 24ی حوزەیرانی 2009 پێژەکە خرایە بەردەم پەرلەمانی هەرێم بە زەرینە پەسندکرا. ئەو دەنگدانە پاش هەموارکردنەوەی قانوونی پەسندکردنی پێژەی دەستووری هەرێم ژمارە (16)ی ساڵی 2008 کرا.

پێژەی دەستووری هەرێم تا ئێستا هەر پێژەیە، چونکە دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان دەنگیان لەسەر نەداوە. ئەگەر پەسند بکرێت دەبێتە یەکەم دەستوور لە مێژووی گەلی کورد، کە پەویستە بە باشترین شێوە ئامادە بکرێت و ماددەکانی بە زمانێکی قانوونی ڕەوان دابڕێژرێن.

قانوونی ژمارە (16)ی ساڵی 2008ی هەموارکراو تایبەت بە پەسندکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێم ڕێگای لە ئەندامانی پەرلەمانی هەرێم گرتوو گفتوگۆ لەسەر ناوەرۆکی پڕۆژەکە بکەن، بە پاساوی ئەوەی پەرلەمانی هیچ وەاتێك گفتوگۆی لەسەر ناوەرۆکی پڕۆژە دەستووری وەاتی خۆی نەکردووە، لە کاتێکدا پڕۆژەی دەستووری عێراقی ساڵی 2025 پاش گفتوگۆکردن ئەوجا پەسندکراوە. لە ڕاستیدا یەکەم پڕۆژە دەستووری عێراق لە ساڵی 1924 ئامادەکرابوو، ئەنجومەنی دامەزرێنەر/ الجمعیە التاسیسیە)، پێش دەنگدان لەسەری دەستکاری تێداکردبوو، پاشان لە ساڵی 1925 پەسندی کردبوو.
چەندین کەسانی پسپۆڕ و شارەزا دەمەکە داوای هەموارکردنەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێم دەکەن بە مەرجێك کەموکوڕییەکانی چاکبکرێن. بەشێك لەو شارەزایانە پێشنیازی دامەزراندنی لیژنەیەکی تازە دەکەن، دەبێت باشترە ئەندامانی ئەو لیژنەیە تازەیە کەسانی پسپۆر و شارەزا بن، بە ڕەچاوکردنی لایەنو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی هەرێم دەستنیشان بکرێن.
پەلەکردن لە پەسندکردنی پڕۆژەی دەستوور بە هەرەمی کوردستان داواکاریی زەرینەی خەڵك و لایەن و کەسانی شارەزایە. بەشی زۆری ئەو گرفت و کێشانەی بەرەوڕووی هەرەمی کوردستان بوونەتەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەستوورە لە هەرێم، کە دەبوو لە ساڵی 1992 هەرەمی کوردستان خاوەن دەستووری خۆی بێت.
پەسندکردنی دەستوورێکی مەدەرنی گونجاو بۆ هەرەمی کوردستان لەم بارودۆخە سیاسیەی کوردستان و عێراق و ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت دەبێتە هۆی گۆڕ گرتن لە داواکارییەکانی هەرێم و دەوڵەتان و لایەنە نەوەوڵەتییەکان زیاتر حیساب بۆ هەرەمکی خاوەن شرعیەتی دەستووری دەکەن، نەك هەرەمەك تا ئێستا دەستووری خۆی نەبێت.
هەولێر
17/2/2026

پێنج خشتەکی لەسەر دەردەدڵکی

فایق بێکەس.. نەوزاد بەندی

قەت مەمن خوایە هەتا کەی ئەم کوردە دەوانەیە .
تانە لە دنیا و گەلانیش، هەر تەنها بەهانەیە ..
وا سی و پێنج ساڵ زیاترە کورد خەی کەش و کەشانەیە ..
کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نەکەری بەگانەیە
دوو دەن پیسن لەگەڵ یەک بەیە وا بە لانەیە
⋆ ⋆ ⋆

تە تەماشای کورد لەگەڵ کورد چەن یەکتر ئەکەن بە پەن ..
کار گەیشتەتە ئەو سنوورەی دەست بە موچەی خەڵک ئەبەن ..
دەنگدرا، ساڵ تەپەی،حوکمەت نەبوو، چاڵیان هەڵکەن
میللەتەکن بە نەمانی یەکتری هەر هەوڵ ئەدەن
داخەکەم ووردودرشتی شەت و شەیدای ئانەیە .

⋆ ⋆ ⋆

زانا و دانا و داهێنەریان، بە هەزە و ناوی نییە..
ئەوەی دەسەز و چاوساغە، لای ئەوان چاوی نییە..
سووکە لایان ئەو کەسەی کە چەکدار و داوی نییە ..
سەنعەت و عیلم و مەعاریف زەڵیەک باوی نییە ..
پیاوەتی لایان بە تەنیا چەفتە و جامانەیە ..

⋆ ⋆ ⋆

سەد کەناڵ و سەد هەژنامە و سەد هادیە پەک هەئەدەن ..
بە پارەی ئەو خەڵکە جەشی ، ئاگر و دوکەڵ ئەدەن ..
هەر کەسەکیش لاریی هەبە،
ئەیکوژن ..تەی هەئەدەن
بە قسەی زل بە قسوورن باسی کوردیەت ئەکەن
کوردیەت خورمایە بەچی یان قسەی شەتانەیە..

⋆ ⋆ ⋆

بە بەگانە و لەشفرەشیی خستیانە سەر پشت دەرگا ..
نە دینیان هەشت نە کەلەپوور، لە خەڵک بوون بە کەڵگا..
میللەتیان ئەوەندە سوک کرد، ئەگەڵان لەگەڵ سەگا ..
میللەتی بە عیلم و ئەخلاق چەن بە ئیستیقلال ئەگا

واسیتەی بەرز و تەرەقی هیممەتی مەردانەیە